سەرۆک پەرلەمانی عێراق لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی لە تاران کۆبوونەوە



ئەمە دووشەممە، سەرۆک پەرلەمانی عێراق، مەحمود مەشهەدانی، دیدارێکی فەرمی لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی، محەمەد باقر قالیباف، لە باڵەخانەی پەرلەمانی ئێران ئەنجامدا.

میدیا فەرمییەکانی ئێران کە ئاژانسی موتەبع بەدواداچوونیان بە کردووە بەاویانکردووە کە:

”مەشهەدانی کە دوێنێ بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە تاران، دەستی بە کۆبوونەوەی فەرمی لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی، محەمەد باقر قالیباف کرد.

شایەنی باسە مەشهەدانی بە سەرکایەتی شاندێکی فەرمی گەیشتە تاران، بە ئامانجی ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئێران سەبارەت بە هاوکاریی پەرلەمانی و پەیوەندییە دووقۆییەکانی نێوان دوو وڵات. بەگوێرەی میدیاکانی ئێران، شاندی عێراقی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی مەهرئاباد لەلایەن حەمید ڕەزا حاجی بابایی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران لەگەڵ موجتەبا نەقد عەلی سەرۆکی گرووپی دەستایەتیی پەرلەمانی نێوان ئێران، عێراق، نەیجیریا و سلۆفاکیا پێشوازی لێکرا.